# جزدانەکەی سەرۆک

تەها ئەمین هەڵەدنی

سەرەتاو کۆتایی کێشەکان، لە جزدانەکەی سەرۆکەوە دەست پێدەکات، بەچارەسەرکردنیشی کۆتایی بە هەموو کێشەکان دەێت. لە ڕاستیشدا سەرەداوی هەموو گرێ کوێرەکان لە جزدانەکەی سەرۆکدا دەدۆزرێتەوە.

ئەڵێن، کە پەندێکی چینی ئەڵێ: هەرچی نووسراوە باسی دووشت دەکات، درۆ و ڕاست. سەرۆک دزە، یا دەست پاک؟

ئەگەر، توانیمان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا ئەوکاتە،دەگەینە ئەنجامی هۆکاری دەرییای خوێنی بە فیرۆی ڕژاوی مرۆڤ. ئەگەر نەشگەشتینە، ئەو ئەنجامە، دروست و پێویستە، دەبێت قۆناغێکی دیکە، چاوەڕوانی ڕژانی خوێن و چەوسانەوەی زیاتربین.

کە سەدام حسێن سەرۆکی ڕوخاوی عێراق، عەبدولکەریم قاسم تیرۆر دەکات، دوسێ دیناری لە جزدانەکەیدا بوو، کە تیرۆرکرا، هێشتا کرێ خانووی دو مانگی نەدابوو. کاتێک سەدام گیرا، 750000دۆلاری لە کونە مشکەکەیدا لەگەڵ خۆیدا شاردۆبۆوە. جگە لە ملیاردەهای دۆلاری شاراوە، کە جگە لەخۆی ڕەنگە کەسی دیکە نەزانن،لە کوێن.

بۆیەکەم جار، نووسراوێکی سەرچیایی پاوە، بەتوندی سەرنجی ڕاکێشام، کە بە گەورەیی نوسرابوو، خدا، شاە، میهن.

خوا، شاە، نیشتیمان. خوا و نیشتیمان کە بڕبڕەی پشتی کرۆکی سەرجەم بوونەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، بەبێ کارئەکەتەری خوا و نیشتیمان، هیچ کارێک ئەنجامی نابێت. شاشکراوە بە ناوەخن، هەرووەک، تەنها دێڕێک بێ بڕگەی شاە، دێڕەکە ناتەواو دەبێت. ئەوان ویستویانە کە بۆ خەڵکی بسەلمێنن، بەڵێ:بەبێ ناو نەهێنانی شاە، لەهەر ڕشتەیەکی بتەوێ بیهێنیتە زمان ناتەواو، دەبێت. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کارە گڵاوەکان زۆربەیان نهێنین، جگە لە ئیسرائیل. هەموو دەزانن مووچەی ئێریل شارون نزیکەی 1500 دۆلارە. ئەگینا هیچ کام لەوولاتانی ئیسلامیدا نازاندرێت کە سەرۆک یا پاشاکان مووچەیان چەند. بەڵکوو پاشا یا سەرۆک نەک هەر بەرزترین دەسەلاتداری ولاتە، ئەوان، لەسەرو ئەوەوەن، کەسێکی دیکە، ئاگاداری خەزینەی وولات بێت.

لەو وولاتانە، جزدانە گەورەکە هەمیشە بەدەست سەرۆکەوەیە.
بەلام ئایا، بۆ ووشەی شاه گەشتۆتە ئاستی خوا؟
ئایا زرنگی شایە، ئایا شا شایستەی، ئەو نازناوەیە کە بگاتە ئاستی خوا؟
زۆربەمان، بێخوێندنەوەی ڕابردوو، بڕیاری، نابجێ دەرهەق بە نەتەوەکەمان دەدەین، هەموو کەموو کوڕیەکان لە چاوی گەلدا دەخوێنینەوە.
چەقۆ کێشێکی وەک سەدام چۆن گەشەتە ئەو پلەو پایە؟
فۆجیمۆری بە ڕەگەز جاپۆنیە، چی بوو، ئەوی کردە سەرۆکی پیرۆ، چۆن توانی پیرۆ بدۆشێ و بگەڕێتەوە وولاتەکەی خۆی، جاپان؟
شای ئێران چۆن بوو بە شاه، زیرەکی شاه، یا هەژاری خەڵک؟
چی وایکردوە، کە لەو کاتەی پاڵەوانی چیرۆکەکەی حەسەن قزڵجە، لە برسا هەتاوی لێدەبێتە، نان. شای ئێران بە ملیۆنەها دۆلار خەرج دەکات بۆ تەنها شەوێکی کەیف و سەفای خۆی؟
(زهور و سقوت سلتنت) جلد اول، خاترات ارتشبد سابق ،(حسین فردوس) وەزیری دەرباری شای ئێران، کە هەتا مرد یدیش هەر شا پەرست بوو. شاه پەرستەکان، تا ئێستاش شانازی دەکەن، بەم پەڕتووکەی (حسین فردوس). لە لاپەڕە 205 تا لاپەڕە290 (محمەد ڕەزا و زن) دەنووسێ : کە من وەک نووسینەگەی شاه لە دەرەوەی وولات کاری سەرەکیم پەیدا کردنی سۆزانی بوو، بۆ شاه. چەند نموونیە: کیژێک بەناوی گریس کیلی هونەرمەندی شانۆ. شاه دووجار لەگەڵ ئەو کیژەدا دا سێکسی کردوە، بە بەهای 1میلیۆن دۆلار زێڕی وەرگرتوە، جگە لە پارە. خانمی کیلی پاشان شووی بە شازادەی مۆناکۆ کرد. دواتر بە ڕووداوی ماشێن مرد.
یەکێک لە شاجوانانی سویدیان بە فڕۆکەی تایبەت بردراوە بۆ شاه، ئەویش 1 میلۆن دۆلار بەرکەوتوە. لە نێو خانماندا هەبوە، بۆ یەک شەو سێکس لەگەڵ شاه دا 10 میلیۆن دۆلاری وەرگرتوە. ئەو دەنووسێ، فڕۆکەی تایبەت فەراهەم کراوە، تەنها بۆ هێنان و بردنی سۆزانی بۆ شاه.
ئەگەر گەلانی ئێران لەو ڕاستیە تێبگەشتنایە، کە شاه سەروەت و سامانی ئەوان لە پێناو کەیفو سەفای خۆیدا بەفیڕۆدەدات، دڵنیاین کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ شایان کەوڵ دەکرد.
ئەگەر گەلانی ئەورووپا، لە درۆ ودەلەسەی پاپاکان تێبگەشتنایە، کە پاپاکان درۆ دەکەن، ئەوان نوێنەری خوانین، لە سەر زەوی تا(نامەی لێبوردن) ی خوا، لە پاپاکان بکڕن، دڵنییان کە خەڵک پاپایان شاربەدەر دەکرد.
سەرەتای شۆڕشی ئێران، نووسەرانی وەک حەسەن قزڵجە هەڵیانگیرساند، بەلام کاتێک فەڕانسە و ئینگلتەرا و ئەمریکا، دڵنیا بون کە ڕووخانی شاه لەسەدا سەدە، خێرا

خومەینیان قووتکردوە. ئاخر جیهانی سەرمایەداری، سەرۆکی وەک عەبدوکەریم قاسمی لا پەسەند نیە. ئەوان شایان لا پەسەندە، کە بە میلۆنەها لە یەک شەوی کەیفی خۆیدا خەرج بکات. کاتێ پاشای سعودیە مرد، شارۆچکەیەکی ئیسپانیا خۆیان بە زەرمەنترین لە خەڵکی سعودیە زانی، چونکە، پاشای سعودیە بە میلیاردەهای دۆلاری لەو شارەدا خەرج دەکرد. پاشای سعودیە لە تەنها گەشتێکیدا 1،5 میلیارد کرۆنی سویدی خەرج دەکات.
کۆدەتاکانی عێراق، ئێران سەرجەم بۆ بەرنگاربوونەوەی نەشوونما و گەشەی کۆمەنیستەکان بوو. چ هێنانی سەدام حسێن بۆ دەسەلات، چ ڕووخاندندی مسەدق هێنانەوەی شاە بۆ دەسەلات.
ئەگەر ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، تێبگەن، کە خۆیان و کۆمەڵێک لەگەڵ خۆشیاندا دەکەنە قوربانی لە پێناو، پاشماوەی سەدام، هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە خۆیان بتەقێننەوە.
ئەگەر ئیسلامیەکانی کە دوای مەلا کرێکار کەوتون بیانزانیایە کە ئەو مرۆڤە، لە ژیانیا وشەیەکی ڕاستی بەدەمیدا، نەهاتوە، ئەگەر ئەو فەقێکیانەی کە دوای مەلا کەوتتون بیانزانیایە، کە مالا کرێکاری باوەڕی بەئیسلام نیەو خەڵکی لە خشتە دەبا، پێش ئەوەی ڕابکات و کوردوستان بەجێبهێڵێ، زمانیان دەردەهێنا.
بەو کۆمەڵە نموونانە تێگەشتین کە خەڵک بە سانایی لە خشتە دەبرێت، خەڵک بەسانایی دژی مافەکانی خۆی بەکار دەهێندرێن. لە تێگەشتنی ئەم هۆکارانەشەوەیە کە لە نهێنی پێغەمبەرەکان تێدەگەین. چۆن تێنەگەین، کاتێک مێرمنداڵێکی کەم ئەندام، لە کاتێکدا بەڕێوەبەرانی قوتابخانە دەگەنە باوەڕێک ئەو کوڕە فێری هیچ نابێت، بۆیە دەبێت بێچێتە ماڵەوە،یارمەتی بدرێت. بەلام لەپڕ، ئەم مێرمنداڵە لە تەمەنی 13 ساڵیدا، دەکەوێتە لەخشەتە بردنی خەڵک، تاوای لێدێت، داوا دەکات کە خەڵک کچەکانیان، ژنەکانیان بەرن لای ئەمکوڕە مێرمنداڵە تا لەگەڵیاندا بنووێ. لە کاتێکدا ئەوانەی خوشک وکچ و ژنی خۆیان دەبرە لای ئەم مێرمنداڵەزۆربە مرۆڤی ئەکادیمی قوتابی زانکۆکان بوون.
باشتر وایە دەقی ئەو نووسینە برای بەڕێزم کاک محمود محەمەد عوسمان کە وەرگێڕاوە، بخوێنیتەوە. ئەوسا تێدەگەین، کە دەسلاتدران چ گەمەیەکی گلاو دەکەن، بەچارەونووسی خەڵک. لێرەوە لە نهێنی پێغەمبەرەکانیش تێدەگەین، کە چۆن توانیویانە، پشتی چەماوی گەلان بکەنە پێپلیکانەی خۆشگوزەرانی خۆیان.
http://www.dengekan.com/doc/2006/4/mahmudMuhamad3.pdf